ئینگۆنۆیمایەر

# کورد
# گەلێکی بێ دەوڵەت

وەرگێڕانی لەئەڵمانیەوە
ڕێبوار تۆفیق

ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران
سلێمانی ـ 2011

کورد گەلێکی بێ دەوڵەت
ئینگۆنۆیمایەر
وەرگێڕانی: ڕێبوار تۆفیق
بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی
کادیران
سلێمانی ـ 2011
ژمارەی سپاردنی بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە
گشتییەکان (1605 ) ساڵی 2011
لە دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی چاپکراوە
دیزاین: ئەمیرە عومەر
تایپ: شانیا یوسف، ڕێناس طارق، هێشوو ابراهیم
تیراژ: (1250)
ژمارەی زنجیرە: (1)

## ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران

دامەزراوەیەکی کەلتورییە بەپێی بڕیاری کۆنگرەی سێی ساڵی 2010ی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دامەزراوە، ئەرکەکەی بریتییە لە دەستەبەرکردنی پێداویستییەکانی هۆشیارکردنەوەی سیاسی، فراوان کردنی چوارچێوەکانی رۆشنبیریی گشتی، تۆکمەکردنی بەهاکانی دیموکراسیو مافی مرۆڤ و دادی کۆمەڵایەتی لەکۆمەڵدا، تاوتوێ کردنی مەسەلەکانی بیری هاوچەرخو دابینکردنی کەرەستەی پێویست بۆ پێگەیاندنی کادیران لە بوارە هەمەجۆرەکاندا.

**سەرپەرشتیار**

رەنج جەعفەر

کورد لە میدیای جیهانیدا

## بەرایی

وەك یەكەم بەرهەم لە زنجیرەی "كورد لەمیدیای جیهانیدا" سێ راپۆرتە وتاری رۆژنامەنوسی ئەڵمانی ئینگۆ نۆیمایەركە لە ماڵپەری (www.planet-wissen.de)ی ئەڵمانیو بەزمانی ئەڵمانی بڵاوكراوەتەوە، هەرسێ ووتار بەشێوەیەكی گشتی ئاماژەیەكی سەرەتاییە بۆ مێژووی كورد بەكۆنو نوێیەوە.

ئەم سێ راپۆرتە جگە لەشیكردنەوەی رەوشی سیاسی كورد لە قوناغە جیاجیاكانو لە هەر پارچەیەك لەپارچەكانی كوردستان، ئاماژەی بەژیانی ئابوریو كەلتوری (ئەدەب، هونەر، میوزیك)و رۆڵی ئاینو سەركردە



ئاینیەكانو خێڵەكان كردووە لە ململانێكانو بزوتنەوەی رزگاریخوازی كوردیدا، تا دێتە سەر ئەوەی كوردێك دەبێتە سەرۆك كۆماری وڵاتەكەی.

لەگەڵ ئەوەی ئەم تەرزە نوسینە، بەم پانتاییە فراوانە بەبێ كەموكوڕی زانیاریو هەڵە نابێت، بەڵام گرنگیەكەی لەوەدایە نووسەر یان رۆژنامەنوسێكی ئەڵمانی، خوێنەرو بینەری ئەڵمانی ئاشنا دەكات بە مێژووی سیاسیو كەلتوری كوردی، چونكە خوێنەری ئەڵمانی لەماڵپەرەكەوە، دەیخوێنێتەوەو بینەرانیش لە كەناڵی (W.P.R)ی ئەڵمانی بینیویانە.

بۆ ئەوەی بابەتەكە بە كەموكوڕییەكانیەوە، نەچێتە بەردەستی خوێنەری كورد، بەسود وەرگرتن لە چەند سەرچاوەیەك، هەوڵمانداوە زانیاری زیاتربخەینە سەر نوسینكەو هەڵەیەكیش هەبووبێ راستی بكەینەوە،

**لەلایــەکیتر بەســود وەرگــرتن لەسەرچــاوەکان، خوێنـــەر دەتوانێــت بەدواداچــوونی زیــاتر بکــات لەســەر کــەلتورو مێژووی کورد.**

*ڕەنج جەعفەر*

# کورد گەلێکی بێ دەوڵەت

لەناوچە شاخاوییە سەختەکانی رۆژهەڵاتی ئەنادۆڵدا، بەدرێژایی سەدەکانی رابردوو، کورد بەشێوەژیانێکی خێڵەکی کۆچەری (ترانس هیومانس)[1] ی سەربەخۆ

---

[1] مەبەست لەو ژیانە نیوە کۆچەریو نیوە نیشتەجییەیە کە سنورێکی دیاری کراوی خۆی هەیە لە کۆچکردن بەدوای لەوەڕدا، مرۆڤ بەسێ جۆر لەوەڕی ناو چیاکان بەکاردێنێ بۆ بەخێوکردنی مەڕومالآت، ترانس هیومانسی گەورە، ترانس هیوانسی بچوكو کۆچەری، (Transhumance) وشەیەکی فەرەنسیە، وەك زاراوەیەکی جیوگرافی بەکاردێت، (Trans) واتە بەسەر، (Humance) واتای زەوی دەگەیەنێت، مەبەست لێی بزوتنی شوانو مێگەلەکانیانە لە کەژی خۆیدا لە نێوان جێگا نزمەکانو



دەژیان، بەبێ ئەوەی لەگەڵ خێڵەکانی دەوروبەرییان تێکەڵ بن، بەڵام بوونی نەوتو سەرچاوەکانی ئاو لەم دەڤەرەدا، سەرچاوەی ململانێی ئیمپڕاتۆریاکانی ئەملاو ئەولایان بوو، کوردەکان لەوە تێگەیشتبوون بوونی سەرچاوەی سامانەکان ئەنجامی باشی نەبووە بۆیان.

### چی وادەکات کورد کورد بێت..؟

وردەکاری تەواو لەسەر رەچەڵەکی کورد روون نەبۆتەوە، ناوی کورد، بەوخێڵە کۆچەرانە دەگوترا لە چاخەکانی ناوەڕاستدا، لە ڕۆژئاوای چیاکانی تۆڕۆسو رۆژهەڵاتی زنجیرە چیاکانی زاگراۆس بەجیاوازی لەگەڵ عەرەبو تورکەکان دەژیان، لەگەڵ ئەوەی ئەم نیشتیمانە

---

داوێن یان سەری چیاکاندا. بۆ زیاتر زانیاری سەیری گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد بەرگی دووەم بەشی یەکەم 1974، ناجی عەباس ئەحمەد، کۆچەریو ترانس هیومانس لەپارێزگای سولەیمانیو هەولێر، بکە. (سەرپەرشتیار)

سەختو شاخاوییە، پێگەیشتنیان ئاسان نیە، بەڵام بەهۆی سەرچاوەکانی نەوتو ئاوەوە، ببووە جێگەی چاوتێبڕینی میللەتانی دراوسێیان.

یەك زمانی یەکگرتوی کوردی نیە، بەڵکو سێ گروپی سەرەکی پەیوەست بەیەکتر هەن[2]، لەگەڵ ئەوەی لەیەکترجیاوازن، ئەوەی بە یەکێك لەو دیالێکتانە ئاخاوتن بکات، لە ئاخافتنی دیالێکتەکەیتر تێناگات، هەروەها

[2] دیارە دوو شێوەزار یان دیالێکتی سەرەکی کرمانی ژووروخواروو یان سۆرانیە، سێیەمیان مەبەست لیی شێوەزاری سنەییو کرماشانیو لەکیە، لەپاڵ ئەوانەش دیالێکتی زازاو گۆرانو هەورامیە کە لەیەکەوە نزیکنو تایبەتمەندی خۆیان هەیەو لێکچوونی کلتوریش لەنێوانیاندا هەیە. بۆ زانیاری زیاتر، سەیری ئاغاو شێخو دەوڵەت، مارتن ڤان برونەسن، وەرگێرانی لەئەلمانیەوە، د. کوردو عەلی، بەرگی یەکەم ساڵی 1996، لاپەرە (56 ، 289)بکە. (سەرپەرشتیار)



ناتواترێن بەوردی جوگرافیای کوردستان دیاریبکرێت، ناوچە نیشتەجێکان بەتەنیا کوردی لێ نەبووە، بەڵکو نەتەوەو گەلانیتریش نیشتەجێی بوون، زۆرێك لەکوردانیش لە دەرەوەی ناوچەی کوردی دەژیان، نەخشەیەکی کوردستان نیە لەلایەن گەلانی ناوچەکە دانپیانراوبێت.

زانیاریو ئامارێکی تەواو لەسەر دانیشتوانی کورد لەبەردەستدا نیە، بەشی زۆریان لە تورکیاو ئێرانو عێراق دەژین، هەروەها کەمینەیەك لەگەلی کورد لە ئەرمینیاو ئازربایجانو سوریاش هەیە، داتایەکی فەرمی بوونی نیە، ئەو داتایانەی هەشن جێگەی گومانو یاریان پێکراوە، ئەو مەزەندانەی هەن لەسەر ژمارەی کوردان، کەمو زیاد دەکەن لەنێوان (20-40) ملیون کەس.

لەگەڵ ئەوەی یەك زمانی یەکگرتوو، یەك سنوری روونو دیاریان نەبووە، کوردەکان لەگەڵ تێپەربوونی سەدان ساڵدا، خۆناسینی نەتەوایەتیان بەرەو باشتر

فۆرمۆڵە کردووە، ئەمەش لەلایەك دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ریشە مێژووییەی کە خێڵە کۆچەرەکان هەیان بووە، لەلایەکیتر دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ستەمو چەوسانەوە یەك لەدوایەکانەی لەسەریان بووەو تاکو ئێستاش بەردەوامە.

## گرنگی گەورەی خێڵەکان

لە رووی جوگرافیەوە، زۆرێك لە ناوچەکانی کوردستان نەتوانراوە پشکنینی بۆ بکرێت، ئەمەش کاریگەریەکی زۆری هەبووە، لەسەر رەوشی ئابوری‌و کۆمەڵایەتی خەڵکی کوردستان، بەهۆی سەختی ناوچە شاخاوییەکان بەئاسانی ناتوانرێت کۆنترۆڵ بکرێت، خەڵکەکەش دابڕاوانە لەگەڵ دونیای دەرەوە دەژیان، ئەمەش کاریگەریەکیتر دادەنێت، لەسەر ئاڵوێری ئابوری‌و پەیوەندی کەلتوری لەگەڵ دەرەوەی خۆیاندا، ریگای سەرەکی بازرگانی لەبارێکی پەنگخواردوو بوو، تاکو ئەمرۆش ئابوری کشتوکاڵ گرنگی سەرەکی هەیە، بەدرێژایی مێژووی کۆن لەسەر بنەمای



خێلەکی خۆیان رێکخستووە، نزیکەی (500) خێلی جودا جودا، زۆر بەکەمی تێکەڵاوی هەبووە لەنێوانیاندا، ئەو پەیوەندییەی هەشبووبێ لەسەربنەمای بەرژەوەندی بووە، لە نێوخێلەکاندا ململانێیەکی توند هەبووە لەسەر خاوەنداریەتی مەڕومالأت، کەم جارهەبووە ململانێکان خوێنی تیادا نەرژابێ، بە بەردەوامی خێلێك لە تۆڵەی خێلێکیتر لە کەمین بووە، خێلە کۆچەرەکان نەیانتوانی لەدەوری یەك ناوەند کۆبنەوەو خۆیان رێکبخەن‌و گۆڕانکاری بەسەر خۆیاندا بهێنن، دواى لەشکرکێشی ئیسلام لەسەدەی(7)ی زایندا، لەجێگەی ئاینی مەسیحی، ئیسلام بووە بە ئاینی زاڵ‌و باو لەناو کوردەکاندا[3]،

---

[3] ئەگەر وردتر لەسەرەتای هاتنی ئیسلام‌و لەشکرکێشی بۆسەر تخوبی کورد بزانین، دەتوانین بڵێین لەنیوەی یەکەمی سەدەی حەوتی زاینیدا، دوای چەندین شەڕو پێکدادان‌و رووبەڕووبوونەوە، لەشکری ئیسلام دەستی بەسەر هەرێمی چیادا گرتووە، ئەو کات کورد بەشێك بووە لە لەشکری ساسانیانیەکان. بۆ زانیاری زیاتر

نزیکەی 80٪ ی کورد سوننە مەزهەبن، شیعەو عەلەویو مەسیحیشیان تێدایە، لەگەڵ بەرێکردنی رۆژگاردا، دەستەڵاتی سەرکردە ئاینیەکان گەشەیکرد، تاوای لێهات لەسەدەی نۆزدەدا سەرکردە ئاینیەکان زۆر دەستڕۆیشتوتربوون لە سەرۆك خێلەکان[4].

سەیری، کوردستانو پرۆسەی بەئیسلام کردنی کورد، (لێکۆلینەوەیەکی میژووی سیاسیە)، شوان عوسمان مستەفا، چاپی یەکەم کوردستان – سلێمانی 2002، لاپەرە 170 ، بکە.

[4] لە سەردەمی میرنشینیەکاندا یەکێك لەخاوەنداریەتیەکانی زەوی رێکخراوی ئاینیو خانەوادەی شێخەکان بوون، پیاوانی ئاینی مەلاو موفتیو قازیو شێخەکان پێگەیەکی باڵایان هەبوو لە کۆمەڵی خێلەکی کوردیدا، بە تایبەتی سوفیزم توانی لە رێگەی ئیرشادی روحیەوە جەماوەرێکی زۆر لە دەوری خۆیان کۆبکەنەوە، ئەو رۆڵەی سەرکردە ئاینیەکان لە سەدەی نوزدە هەیان بوو دەگەرێتەوە بۆ مێژوویەکی پشتریان کە لەسەردەمی میرنشینیەکان هەیان بووە، کە رۆڵی راوێژکاریان بینیوە، لە مەسەلەکانی شەڕو ئاشتیدا



## کاریگەری ئمپراتۆریەتی عوسمانی

لە سەدەی شانزەدا بەرژەوەندی هەردوو ئیمپراتۆریتەکەی دراوسێی ناوچە کوردییەکان زیادیکرد، سەفەوییەکان فەرمانڕەوایی وڵاتی فارسیان دەکرد، ئیمپڕاتۆریەتی عوسمانی هەوڵی ئەوەی دەدا دەست بەسەر ناوچەکەدا بگرێتو فەرمانڕەواییەکەی فراوان بکات، سەفەوییەکانیش کە شیعە مەزهەب بوون، بەتوندی

راوبۆچوونیان وەرگیراوە، ئەگەر دروستکردنی کوشکی میر ئەرکی یەکەم بووبێت، دروستکردنی مزگەوتو مەدرەسەی ئاینی یەکەمی دووبارە بووە، بەیەکەوە دروست کراون. سەیری، ی.ئی.ڤاسیلیەڤا کوردستانی خوارووی رۆژهەڵات لەسەدەی حەڤدەوە تا سەرەتای سەدەی نوزدە (کورتە مێژووی میرنشینیانی ئەردەلانو بابان) وەرگێرانی لە روسیەوە رەشاد میران مۆسکۆ، ناوکا 1991، لاپەرەی 226بکە.

هێرشیان دەکردە سەر کوردەکان بە بیانوی ئەوەی زۆرینەی کوردەکان سوننە مەزهەبن، لەبەرامبەر ئەوە، عوسمانیەکان چەکیان دەدا بە کوردەکان، رێگەیان پێدان شانزە میرنشینی نیمچە سەربەخۆ دامەزرێنن، دەبوو لە بەرامبەر ئەودا، لە هەڵگیرسانی جەنگدا، میرنشینەکان پاڵپشتی هێزەکانی عوسمانیان بکردایە لە شەڕیان بەرامبەر سەفەوییەکاندا، بۆماوەی سێ سەدە ئەم رەوشە درێژەی کێشا.

لەگەڵ سەرەتای روخانی ئیمپڕاتۆریای عوسمانی لە سەدەی نۆزدەدا بەهۆی ئەو قەرزە زۆرەی کەوتبووە سەر ئەو ئیمپڕاتۆڕەوە، دەوڵەتانی وەك روسیاو فەرەنساو بەریتانیا کاریگەریەکی گەورەی سیاسیان لەسەر عوسمانیەکان دروستکرد، مەسیحیە دراوسێکانی کورد. لە ئەرمینیا، دەستەڵاتدارە گەورەکان پاراستیانن، کاتێك سوڵتانی عوسمانی رازی نەبوو بە دەسەڵاتی ئەوروپی لەم



دەڤەرەدا، شەڕ هەڵگیرسا لەنیوان مسیحیو کوردەکاندا[5] لەئەنجامی ئەوەدا، جۆرێك لە سزا خێڵە کوردەکانیشی گرتەوە.

دوای هەڵوەشانەوەی ئیمپراتۆریای عوسمانی، کێرڤی رۆڵی خێڵەکییانەی خێڵە کوردییەکان رووی لەکەم

---

[5] کورد وەك نەتەوە پەیوەندی نەبووە بە دوژمنایەتیکردنی ئەرمەنەکانەوە، ئەوەی ئەو رۆڵەی گێڕاوە سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم بووە، کاتێك لە ساڵی 1891 سوارەی حەمیدی لە هۆزە کوردەکان پێکهێنا، وەك یەکێك لە هێزەکانی ئیمپراتۆر بەشدارییپێکردن لە رەشەکوژی ئەرمەنەکاندا، هەروەك ئامانجێکیتر لە دروستکردنی ئەو هێزانە قوڵکردنەوەی ململانێی خێڵەکیو دووبەرەکیو زاڵبوون بوو بەسەر تیرەو هۆزەکاندا. بۆ زانیاری زیاتر، سەیری مارتن ڤان برنەسن، ئاغاو شێخو دەوڵەت، وەرگێڕانی لە ئەڵمانییەوە د.کوردۆ عەلی، بەرگی دووەم، لە بلاوکراوەکانی ئەکادیمیای هۆشیاریو پێگەیاندنی کادیران، سلێمانی۔2011 لا80بکە.

بوونەوە كرد، وەك هەوڵێك بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێكی نەتەوەیی لە كوردستاندا، بە بەردەوامی خۆپیشاندان دەكرا، زۆربەی مێژوو نوسان لەسەر ئەوگریمانەیە كۆكن، كە هۆزەكان زیاتر بۆ بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان كاریانكردووە.

## هیوایەكی كورت بۆ دەوڵەتێكی سەربەخۆ

لەجەنگی جیهانی یەكەمدا، دەوڵەتی عوسمانی كەوتە بەرەی میحوەری ئەڵمانیاو نەمساو هەنگاریا، لەبەرامبەر دوژمنەكانیان كە بەریتانیاو فەرەنساو روسیابوو، لەشكركێشیانكرد بەرەو دەوڵەتی عوسمانی، بەڵێنی سەربەخۆییاندا بە نەتەوە غەیرە توركەكان، دوای شكستی میحوەر لەبەرامبەر هاوپەیمانان، بەپێی پەیمانی سیڤەر، نەخشەی ئاسیای بچوكو رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، گۆڕانكاری بەسەرداهات، ئیمپراتۆریای عوسمانی دەستبەرداری زۆربەی هەرە زۆری زەوییەكانی بوو، ئەوەبوو بەڵێنی



ئۆتۆنۆمی بەكوردستاندرا، بەڵام لە سنورێكی بچوكتر لەجاران، دواتر ولایەتی موسڵ كە دەوڵەمەند بوو بە نەوت خرایە ژێر كۆنترۆڵی بەریتانیاوە، بەجۆرێك ماوەی سالێكدرا بە كوردەكان، بەڵگەنامەی توانای دامەزراندنی دەوڵەت پێشكەش بەكۆمەڵەی گەلان (عصبة الامم) بكات، دوای ماوەیەكی كەم لە خۆبەدەستەوەدانی ئیمپراتۆریای عوسمانی، بزوتنەوەی بەرگری لە ناوخۆوە خۆی بەهێزكردەوە، ژەنەڕاڵ مستەفا كەمال هێزەكانی كۆكردەوە، بووە باوكی توركەكان (ئەتاتورك)و جوڵانەوەی توركەكانی بەڕێوەبرد، ئەوەبوو لە رۆژهەڵات ئەرمەنیەكانی دەركردو پاشەكشێی پێكردن، لە رۆژئاوەش سەرپەرشتی جەنگی لە بەرامبەر یۆنانیەكان كرد، دوای هاتنە پێشەوەی پەیمانی لۆزان، ئەتاتورك بە دەوڵەتی پێشنیاركراوی هاوپەیمانان رازی بوو، كوردەكان زۆرترین كەمینەبوون لەو ولاتەدا لە پەیماننامەكەدا ناوییان

نەهاتو باسی دەوڵەتە سەربەخۆکەیان نەکرایەوە، ناوچە کوردییەکانیش بەسەر تورکیاو عێراقو ئێران دابەشکرا.

## چەوساندنەوەو هێزی نامۆ

کوردەکان لە دەوڵەتە نوێکانی تورکیا، ئێران، عێراق دواتر سوریا، خۆیان بینیەوە، وەك بەشێك لەتۆڵە سەندنەوە، ڕێگەی بەشداری سیاسیان لێگیرا، کەوتنە ژێر باری چەوسانەوەی کەلتوری، بۆنمونە: ڕێگە لەبەکارهێنانی زمانو جلو بەرگیان گیراو هەمیشە هێرشی سەربازیان دەکرایەسەر، پەرچەکرداری کوردەکانیش تێکدانو تۆقاندن بووە لە بەرامبەر تورکەکاندا، ئەمەش وایکردووە زیاتر شەڕ لەناوچە کوردییەکانی تورکیا بکرێت، لە ئێراندا شیعەکان باڵادەستن، کوردەکان سوننە مەزهەبنو ڕاوەدو دەنرێن، لە عێراقدا بەڵێنی سەربەستی زیاتر بەکوردەکان دراوە، دلێرانە لەپێناوی سەربەستیدا جەنگاون، لە ژێر چنگی



دەسەڵاتی مەرکەزیدا بوون، لەژێر سایەی فەرمانڕەوایی ڕژێمی (سەدام حوسێن)دا، کۆچی زۆرەملێیان پێکراوەو چەکی ژەهراویان لەدژدا بەکار هێنراوە.

لە دوای جەنگی کەنداو، لە ساڵی 1991دا، لە باکوری عێراقدا ناوچەیەکی ئارام بۆ کوردەکان هاتە ئاراوە، لەو کاتەوە سەربەخۆییەکیان هەیە، بەهۆی دابەش بوونو ململانێی پارتە کوردییەکانەوە، ئەگەری شکستێکی گەورەی سەربەخۆییەکەیان هەیە، سەرباری بیرکردنەوە لەو ڕابردوەی لەگەڵ تورکیا هەیانە، سەدان ساڵە کوردەکان گەلێکی بێ دەوڵەتن، چاوەڕوان دەکرێت تاماوەیەکی درێژخایەن هەروابمێننەوە.

# چەوسانەوەی کەمینەی کورد لەتورکیاو ئێرانو عێراق

دوای جەنگی جیهانی یەکەم، نەخشەی ئاسیای بچوكو رۆژهەڵاتی ناوەڕاست گۆڕانکاری بەسەرداهات، ئیمپراتۆریای عوسمانی هەڵوەشا، کوردستان لە نێوان چەند دەوڵەتێکدا دابەش بوو، سیاسەتی راوەدوونانو چەوسانەوەی نەتەوەیی ئەم دەوڵەتانە لە بەرامبەر کوردان بەردەوام بووە.

## تورکیا، پێشێلکردنی مافی کەمینەکان

لەساڵی 1923دا ئەتاتورك کۆماری تورکیای لەسەر مۆدیلی رۆژئاوایی دامەزراند، ئەو دەوڵەتە نوێیەش، بریتی



بوو لەجیاکردنەوەی ئاین لەدەوڵەت، کاریگەری ئیسلام لەسەر سیاسەتو سیستمی یاسایی سنوردار کرابوو، ئەمەش وایکرد کوردەکان هەستی ئاینیان بریندار بێت، ئەوەی ئەتاتورك بنیادی نابوو لە بیرۆکەی دەوڵەتی نوێدا، بەرە بەرە نەخشەکەی فراوانتر دەبوو، ئەتاتورك لە هەوڵی ئەوەدابوو، تێکڕای گەلانی ئیمپڕاتۆریەتی عوسمانی بکاتە یەك دەوڵەتی نەتەوەیی تورکی، یونانیو ئەرمەنیو جولەکەکان، بەهۆی مافی کەمینەی ئاینییان، ئازادتر بوون لە کوردەکان کە موسڵمان بوون، دەوڵەتی تورکی هەمیشە کاری لەسەر ئەوە دەکرد، بەرێگەو شێوەی جیاواز بەربەست بێت لەبەردەم کوردەکاندا، هەر بۆیە زمانی کوردی بۆ ماوەیەکی دورو درێژ قەدەغە بوو، جلو بەرگی تایبەت بەخۆشیان، لەلایەن دەوڵەتەوە وەك رەمزی ئاینی سەیرکراوە، لەبەرکردنی قەدەغەکرابوو، جگە لەوەش هەوڵی گۆڕینی پێکهاتەی دانیشتوانی ناوچە کوردییەکانیان

داوه، کورده نیشتەجێکانیان ڕاگواستووەو تورکەکانیان لەشوێنیان نیشتەجێکردووه.

### نەرمی نواندنی دوای ساڵی 1990

له ژێر کاریگەری کۆمۆنیستەکانو بەهۆی کەم دابەش بوونی پێکهاتەی خێڵەکان لەگوندەکاندا، لەساڵانی (1960 ـ 1970)، ناوچەیەك بۆ کوردەکان دروست بوو کە بەنایاسایی کاربکەن، لەو پارتانەی کاری ڕێکخراوەییان بۆ کوردستان کردووه (p.k.k)یە، لە ناوەڕاستی ساڵی 1980دا دامەزرێنەری ئەم پارتە عەبدوڵڵا ئۆجەلان ڕایگەیاند کە توندوتیژیو تۆقاندن بەکاربێنی لە شەڕەکاندا، ڕژێمی تورکیاش بەهەموو هێزو توانایانەوە ڕووبەڕوویان بۆتەوە، لە هەندێ ناوچەدا ڕەوشەکە گەیشتە ئەوەی ببێتە شەڕی نێوان هەردوو نەتەوەی کوردو تورك، قوربانیانی ئەو شەڕە نزیکەی بە (40000) چل هەزار



کەس مەزەندە دەکرێت، ئەمە ژمارەیەکە لەم هەزارەیەدا دووباره نابێتەوه.

لەگەڵ نزیك بوونەوەی تورکیا لە یەکێتی ئەورووپا، دۆخی کوردەکان بەرەو باشتر چوو، لە دوای ساڵی (1990)ەوە، ڕێگە درا ئاخاوتن بەزمانی کوردی بکرێت، دواتر ڕێگە درا بە دامەزراندنی میدیای کوردی، بەڵام لەژێر چاودێری دەوڵەتدا بوو، سەرەڕای ئەم دەستکەوتانە، هێشتا ململانێو ناکۆکی بەردەوامە، وا مەزەندە دەکرێت، نزیکەی (8 ـ 14) ملیۆن کورد لەم وولاتەدا هەبن.

### ئێرانو تایەفەگەری ئاینی

هەروەها ئێرانیش لە سەرەتاوە گوشارێکی زۆری هەبوو لەسەر کەمینەی کورد، ئایین ڕۆڵێکی گەورەی هەبوو، ئێرانیەکان زۆرینەیان شیعە مەزهەبن، بەڵام کوردەکان سوننە مەزهەبن، لە کۆتای ساڵی 1945دا، لە ڕۆژئاوای ئێرانو لە شاری مهاباددا، کۆماری کوردستان دامەزرا،

سەرەتا یەکێتی سۆڤیەت پشتگیری کوردەکانی دەکرد، دەیانویست لەئێران دەوڵەتێکی کۆمۆنیستی دامەزرێنن، بۆ ئەوەی بتوانن سەرچاوە نەوتیەکان بۆ خۆیان مسۆگەر بکەن، بەڵام هێزەکانی کۆمەڵی نێودەوڵەتی فشاریان خستە سەر دیکتاتۆری سۆڤیەت (جۆزیف ستالین)و پاشەکشەیان بە سوپاکەی کرد، بەمەش سوپای ئێرانی دەستیان بەسەر ناوچەکاندا گرتەوە، سەرۆكو سیاسەتمەدارە کوردەکان یان هەڵهاتن یاخود کوژران، لەلایەن هێزەکانی شای ئێرانەوە، کوردەکان سەرکوتکرانو پارتە سیاسیەکانیش قەدەغەکران، سەرکردە یاخیبووەکان دەستگیرکران، ئەوە بوو کوردەکان وەك تۆپێکی یاریکردنیان لێهاتبوو لەنێوان عێراقو ئێراندا.

لەگەڵ هەڵگیرسانی شۆڕشی ئیسلامی لە ساڵی 1979دا، کوردەکان بە هیوای وەدەستهێنانی سەربەستی زیاتر بوون، لە یەکەم دانیشتن لەگەڵ رابەری شۆڕش (خومەینی) باسیان لە سەربەستیو ئازادی کرد، بەڵام هەر زوو



دەرکەوت، ئەم دانیشتنو رێکەوتنانە، جگە لە تاکتیکێك بۆ هێورکردنەوەو سەرکوتکردنی کورد هیچیتر نیە.

دەستوری نوێ مافی کەمینەکانی تیادا جێنەکرایەوە، لەبری ئەوە، رەمزەکانی شیعە باسکرا، هەر لەسەرەتای جەنگی ئێران - عێراقدا (1980 -1988) بەردەوام هێرش دەکرایە سەر پارتە رکابەرە کوردییەکان، سەدام حوسێن پشتگیری پارتە کوردییەکانی ئێرانی دەکرد، لەهەمان کاتدا، خومەینی یاریدەدەری کوردەکانی عێراق بوو لەشەڕکردن دژی رژێمەکەی سەدام، لە کۆتایی جەنگەکەدا، هیچ گۆڕانێك بەسەر رەوشی (6) شەش ملیۆن کوردی ئێراندا نەهات، وەدەستهێنانی ئۆتۆنۆمی لەبارچوو، رژێمی ئێران دەستیکرد بەتیرۆرکردنی سەرکردە کورەکان، لەساڵی 1992 لەچێشتخانەیەکی بەرلین بەناوی (میکونوس) سادقی شەرف کەندی

سکرتێری پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێران، لەلایەن ئەم رژێمە تیرۆرکرا[6].

## عێراق، سەدام حوسێنو شالاوە کاولکارییەکان

لەعێراقدا کوردەکان بەباشی هەستیان بەبوونی خۆیان دەکرد، لەبەر ئەوەی ئەم وڵاتە، لە دوای جەنگی جیهانی یەکەمەوە تا کۆتایی ساڵی 1950 لەژێر ئینتیدابی بەریتانیدا بوو، وەك کەمینە ناسرابوونو تا رادەیەکی باش هەستیان بەئازادی دەکرد، دەیانتوانی زمانو کەلتوری خۆیان بپارێزن، لە رووی سیاسییەوە لە بەغدا پێگەی

(6) بەر لە تیرۆر کردنی سادقی شەرەفکەندی، لە13ی تەمووزی ساڵی 1989 سکرتێری حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، عەبدولرەحمان قاسملۆ لەگەڵ دوو هاورێی لە ڤیەننای پایتەختی نەمسا تیرۆر کرا. بۆ زانیاری زیاتر لەسەر تۆری ئەنتەرنێت سەیری (Wikipedia ) عبدالرحمن قاسملو، بکە.



خۆیان هەبوو، دوای ئەوەی بەریتانیا ئەو وڵاتەی جێهێشت، سیستمی سیاسی گۆڕانکاری بەسەرداهات، حکومەتی ناوەندی لە بەغدا ویستی کۆنترۆڵی سەرچاوەکانی نەوت بکات لە موسڵ، باجی ئەوەش بەردەوام بوونی شەڕ بوو لەگەڵ کوردەکاندا، رەوشی سیاسی لەم وولاتەدا ئارامی بەخۆوە نەبینی، ئەوە بوو هەموو جارێك بەڵێنیان بە کوردەکان دەداو بەڵێنەکانیان نەدەبردە سەر، بەر لەوەی دەسەڵات بگرنە دەست پشتگیریان لەمافی کوردەکان دەکرد، دواتر پاشگەز دەبوونەوە، شەڕو ناکۆکی هۆزە کوردیەکانیش، بۆشاییەکی دیاری لە ئۆتۆنۆمیەکەیان دروست کردبوو، دوای ماوەیەکی کەم لەگەیشتنی سەدام حوسێن بەکورسی دەسەڵات، لەساڵی 1979دا جەنگ لەگەڵ ئێران دەستیپێکرد، لەم جەنگەدا کوردەکان رۆڵێکی گەورەیان بینی، سەدام دەستیکرد بەسیاسەتی راگواستنی گوندەکان، ئەو کوردانەی دەهێنایەوە ناو عێراق کە سەربەخۆی بوون، هەموو ئەو

سیاسەتانەی بۆ دەستبەسەراگرتنی کەرەستە خاوەکانی ئەو ناوچانە بوو، بەشێك لە کوردەکان پشتگیری سوپای ئێرانیان دەکرد، لە بەرامبەر ئەوەدا، سەدام حوسێن زۆر توندوتیژانە لە مارسی 1988دا بەگازی کوشندە هێرشی کردە سەر شاری هەڵەبجە، (5000) پێنج هەزار مرۆڤی سیڤیل کوژران، نزیکەی ساڵێك شاڵاوی جینۆسایدکردنی کوردەکان درێژەی کێشا، لەم پرۆسەیەشدا نزیکەی (200000) دوو سەد هەزار مرۆڤ کوژرانو 1.5 ملیۆن کەسیش ئاوارەبوون.

### کوردێك دەبێتە سەرۆك کۆماری عێراق

لەدوای جەنگی یەکەمی کەنداو، ساڵی 1991 گۆڕانکاری بەسەر رەوشی کوردستاندا هات، لە باکوری عێراقدا ناوچەیەکی ئارام بۆ کوردەکان فەراهەم بوو، دەمێك بوو ئاواتەخوازی ئەوە بوون بەئازادی بژین، سەرەڕای ئەوەش رەوشتێکی ئابووری دژوار هەبوو،



نزیکەی 70٪ی خەڵك پێویستیان بەهاوکاری دەرەکی هەبوو، یارمەتیە مرۆییەکان بەهەدەر دەرۆیشتنو بەرزی رێژەی تاوان بەشێك بوو لەو واقیعە، کێشمەکێشو ناکۆکیە سیاسییەکان باری گوزەرانی دژوار کردبوو، دوای ئەوەی رژێمی سەدام حوسێن لەساڵی 2003دا روخا، رەوشی کوردەکان زۆر باشتر بوو، جێگیربوونی رەوشی سیاسیو گەشەی ئابوری، وایکرد ناوچەیەکی ئارام لە عێراق خۆی بسەلمێنێ، پێشتر ئەم ناوچەیە هەمیشە لە جەنگو ناکۆکیدا بوو، بەبەراورد لەگەڵ بەشەکانیتری عێراقدا دانوستانو رێکەوتن باشتر بەرەو پێش رۆیشت، لە ساڵی 2005دا کوردێك (جەلال تاڵەبانی) هەڵبژێردرا بۆ سەرۆکایەتی عێراق، دوا هەنگاو بۆ بەهێزکردنی ناوچەی ئۆتۆنۆم، بۆ ئەوەی ببێتە دەوڵەتێك بۆ ئەو (4) ملیۆن کوردەی لەوێ دەژین، بۆ ئەوەی کەس نەتوانێت پەلاماریان بدات، دیارە ئەمەش دۆزێکی درێژخایەنە، هەموو ئەو گۆڕانکارییانەش تورکیاو ئێرانی خستۆتە دڵەڕاوکێوە.

# کلتوری کوردەکان

ڕێگای تێکۆشان لەپێناوی سەربەستیو ڕووبەڕووبوونەوەی چەوسانەوە، ئەوەیە سیاسەتو بەشێکە لەژیانی خەڵك، سیاسەت لە کلتوریشدا ڕەنگیداوەتەوە، فیلمو موزیكو ئەدەب بەسیاسی کراوە، چەندین ساڵە کوردەکان لە تاراوگە بە نهێنی کاری هونەریان بەرهەمهێناوە، لەم بارەوە کەناڵە ئاسمانیەکان



ڕۆڵێکی گەورەیان بینیوە لە میدیای کوردەکاندا، هەروەها ئەنتەرنێت بۆ کوردەکانی تاراوگە هەمیشە گرینگە، بەڵام لە نێوکوردانی ناوەوە زۆربەکەمی بەکاردەهێنرێت.

## بۆنەو جلوبەرگە قەدەغەکراوەکان

بەدرێژایی سەدان ساڵ هۆزەکان کاریگەریان هەبووە لەسەر ئەوەی کە هاونیشتمانیانی کورد چۆن بن، هەتا ئەمڕۆش ئەو کاریگەریە هەرماوە لەسەر کەلتورو ژیانی ڕۆژانەیاندا، ساڵی نوێ کە 21ی مارسە ڕۆڵێکی گەورەی بینیووە لە کەلتوری ڕۆژهەڵاتدا، سەرەتاو دەستپێکردنی بەهارە، بۆ کوردەکان واتایەکی گرنگتری هەیە، لەئەفسانەی فارسیدا، کەسێك ناوی کاوە بووە، سەرکەوتووە بەسەر زوحاکی زۆرداردا، لەسییەکانی سەدەی ڕابردوو، ئەم ئەفسانەیە لەلایەن نوسەرانی کوردەوە نوسراوەتەوە، ئەم ئەفسانەیەیان بەراورد کردووە بە چەوسانەوەی ئێستایان،

لەساڵانی پەنجاکاندا بەشداری کوردان لە ئاهەنگو شایی نەورۆز رووی لەزیادبوون کرد، ئەم بۆنەیە لەڕووی سیاسیەوە وەك خۆپیشاندان سەیرکراوە، نەورۆز سمبولێك بووە بۆ ئازادیو سەربەخۆیی.

دوای دامەزراندنی کۆماری تورکیا (ئەتاتورك) شێوە جلو بەرگێکی بۆ کوردەکان دیاریکرد، کە زیاتر بەلای رۆژئاوا دەڕۆیشت، تورکەکان جلو بەرگی کوردیان وەك نیشانەیەك بۆ دووره پەرێزی سەیرکردووە، لە بەرکردنی جلو بەرگی کوردی وەك گرفتێکی گەورەی رژێمی دەستەڵاتدار دەناسێنرا.

## ئەدەب وەك بزوێنەری شۆڕش

تا سەدەی نۆزدە ئەدەبی کوردی بەشێوەیەکی زارەکی، بریتی بوو لەفۆلکلۆرو شعر، کوردەکان وەك گەلێکی چەوساوە، رۆژ لە دوای رۆژ رۆڵیان هەورازتر دەچوو، حاجی قادری کۆیی شاعیر (1817-1897) ئامۆژگاری



نەتەوەکەی دەکرد لە دەستەڵاتی عوسمانیەکان یاخی بن، وەك لە بولگاریاو یونانو سربیاش وابوو، شاعیر پێیوابوو، بە هۆی نەفامی سەرکردە سیاسیو ئاینیەکانەوە، رەوشێکی نەخوێندەواری هەیە، ئەمە پاڵنەرێك بوو بۆ موسا عەنتەری شانۆنوس بەشێك لە نوسینی شانۆ تەرخانکات بۆ پیشاندانی ژیانی گوندەکانو لەیەکێ لە رۆژنامەکان بەزمانی کوردی بڵاوکردەوە، دواتر نوسەر لە ساڵی 1992دا، بانگهێشتی دادگا کراو رفێنراو کوژرا، تا ئێستاش روونەبۆتەوە کێ بکوژە، بەڕای زۆرینەی کوردان میتی تورکی دەستی لەم تاوانەدا هەیە، لە سییەکانی سەدەی رابردوو تا نەوەدەکان قسەکردنو نوسین بەزمانی کوردی لە تورکیا قەدەغەبوو.

لە عێراقدا، لەو رۆژگارەی سەدام حوسێن لە دەستەڵاتدا بوو، بۆ کوردەکان سەخت بوو بتوانن ئازادانە چالاکی کلتوری خۆیان بکەن، ئەمەش ئەوەی بەدوای خۆیدا هێنا، نوسەرو رووناکبیران رویانکردە تاراوگە، لەوێ توانیان

بەبێ ترس بنوسن، بەڵام ئاسان نەبوو کتێبو بڵاوکراوەکانیان بگەیەننەوە ناو وڵات.

## موزیكو فیلم، پەیامی سیاسەت

لە سەدەی بیستویەکدا، میوزیکی کوردی پەیوەست بو بە فولکلۆرو نەریتەوە، زیاتر گۆرانی سۆزداریو گۆرانی کارکردن زاڵ بوو، کورد ئینسترومێنتی تایبەت بەخۆیان هەبوو، وەك (نای) دەیانژەنی، لە ساڵی 1990 بەدواوە، لە هەندێ ناوچەی کوردستان هونەری میوزیکی گەریلایی پەیدابوو، جگە لە جوانی ناوچەی کوردستان، گۆرانیەکان گوزارشتن لە تێکۆشانی نەتەوەیی لە پێناوی سەربەستیدا، کوردە یاخیەکان لە شەڕەکان تیادەچنو دەبنە شەهید لە کلیپی گۆرانیەکاندا.



هەروەها ئەو فیلمە کوردیە سیاسیانەش کە ناوەڕۆکەکەی سەربەستیو چەوسانەوەی لە خۆگرتبوو، ژمارەیان کەم بوو، تا ساڵی 1990، بە هۆی ئەو یاسایانەی رێگربوون لە چالاکی هونەری، فیلمە کوردییەکان لە تاراوگە بەرهەم دەهاتن، فیلمی (یوڵ ـ رێگا) نەبێت کە دەرهێنەرەکەی یەڵماز گۆنایە، بەنهێنی لە ناو تورکیادا بەرهەمهێنراوە، ناوەڕۆکی ئەم فیلمە باس لە خراپ مامەڵەی تورکەکان دەکاتو هەڵدانەوەی پەڕەی مێژووی تاوانێکە، وێناکردنی ناڕەزایی کوردەکانە لە بەرامبەر سیاسەتی تورکەکان لە هەشتاکانی سەدەی رابردوودا، کە شەڕی سوپاو (PKK)یە، ئەو فیلمە چەندین خەڵاتی بەدەستهێناوە، لە ساڵی 1982دا، لەڤیستڤاڵی (کان)دا چڵە دارخورمای ئاڵتونی بەدەستهێنا، لە ساڵی 1990 بۆ یەکەم جار لە تورکیا بڵاوکرایەوە.

## میدیا، ئەو دامەزراوەی
## هەموو کەس ناتوانێت تێکەڵی بێت..

میدیای کوردی لە تورکیاو عیراقو ئێراندا، تا درەنگە رۆژگارێك ئاستەم بوو مۆڵەتی بڵاوکردنەوەی هەبێت، دەبوو نوسەران لە دەرەوەی وڵاتی خۆیان بڵاوکراوەکانیان بڵاوبکردایەتەوە، لە نێوان ساڵانی (1930-1940)دا رۆژنامەی کوردی بەیاساغی لە تاراوگە چاپدەکراو بەنهێنی دەنێردرایەوە وڵات.

وەك سازشێك بۆ چوونە ناو یەکێتی ئەوروپا، رەوشی کورد لە تورکیا کەمێك هێورتربوویەوە، لە شوێنە



گشتییەکانو قوتابخانەکان رێگەدرا بەزمانی کوردی بپەیڤن، رێگەش درا بەدامەزراندنی رادیۆو تەلەفزیونی کوردی، کەناڵەکانی رۆژ تیڤی جەماوەرێکی بەرفراوانیان پەیداکرد، کە لەڕێگەی سەتەلایتەوە دەتوانرێت وەربگیرێت، ئەم کەناڵانە ستۆدیوو بارەگایان لەدەرەوەیەو لە (PKK)ەوە نزیکن ، گومانی ئەوەیان لێدەکرا هاندەری توندوتیژی بن، بۆیە لە ئەڵمانیا رۆژتیڤی لەساڵی 2008 لە گروپی تیڤی دەرکرایە دەرەوەو ستۆدیۆکەیان داخرا، ئەم بڕیارە وایکرد کوردەکان بکەونە خۆپیشاندان، هەرماوەیەك دوای ئەوە (3) هاوڵاتی ئەڵمانی لە چیاکانی کوردستان (ئارارات) رفێنران، ووتەبێژێکی (PKK) ئەم رفاندنەی گرێدا بە داخستنی ستۆدیۆی رۆژتیڤی لە ئەڵمانیا.

ئەنتەرنێت بۆ کوردەکانی تاراوگە رۆڵێکی گەورە دەگێڕێت، لەڕێگەیەوە دەتوانرێت زانیارییەکان ئاڵوگۆر بکرێن، سەختە بۆ کوردەکان لە وڵاتی خۆیان بگەڕێنو

پەیوەندی بکەن، ئەمەش بەهۆی باری جوگرافیو نەبوونی تۆری ئەنتەرنێتو تۆڕی تەلەفۆنی دەستی (موبایل)ەوە، ئەنتەرنێت وەك میدیا سەیرناکرێتو موبایلیش کەم بەردەستە لەم دەڤەرەدا.

**Der Kampf der Peschmerga (5'16'')**
Zur Video-Großansicht

**Fremdherrschaft und Unterdrückung**

Die Kurden in den neu gegründeten Staaten Türkei, Irak, Iran und später auch in Syrien sahen sich mehr oder minder starken Repressalien ausgesetzt. Sie durften sich politisch nicht betätigen, und es wurde versucht, ihre Kultur zu unterdrücken, indem beispielsweise ihre Sprache oder typische Kleidungsformen verboten wurden. Immer wieder wurde auch militärisch gegen sie vorgegangen. Militante Kurden antworteten auf die Unterdrückung mit Terroranschlägen und Sabotageakten, sodass vor allem in der Türkei teilweise kriegsähnliche Zustände in den Kurdengebieten herrschen. Im schiitisch dominierten Iran wurden die Kurden wegen ihres sunnitischen Glaubens verfolgt. Im Irak gestand man den Kurden zwar zeitweise größere Freiheiten zu, doch wenn der Ruf nach Unabhängigkeit zu laut wurde, schlug der zentralistisch organisierte Staat zurück, um seinen Zugriff auf die Bodenschätze nicht zu verlieren. So führte Saddam Hussein Zwangsumsiedelungen durch und setzte sogar Giftgas gegen kurdische Zivilisten ein.

Nach dem Golfkrieg 1991 wurde im Nordirak eine Sicherheitszone für die Kurden errichtet, die dort seitdem weitgehende Autonomie genießen. Eine größere Unabhängigkeit scheiterte dort bislang an den zerstrittenen



kurdischen Parteien sowie an den Bedenken der Türkei. Die Kurden waren jahrhundertelang ein Volk ohne eigenen Staat und werden es voraussichtlich auch noch lange bleiben.

Ingo Neumayer, Stand vom 11.02.2011
Sendung: Kurden - Das verbotene Volk, 11.02.2011

**Verwandte Themen bei Planet Wissen**

Anatolien

So wie Istanbul heute für das europäische Flair der Türkei steht, so steht Anatolien für eine Landbevölkerung, die ihre Traditionen pflegt und mit Europa wenig zu tun hat.

http://www.planet-wissen.de

Großmächte. Es kam verstärkt zu gewalttätigen Auseinandersetzungen zwis F und Christen, gegen die deren europäische Schutzherren chen Sultan protestierten. Als Folge führte dieser Strafexpeditionen gegen kurdische Stämme durch.

Das Verhältnis der Kurdenstämme zum Osmanischen Reich verschlechterte sich rapide, immer wieder wurden Aufstände initiiert. Diese wurden im Nachhinein verklärt als erste Versuche, einen Nationalstaat Kurdistan zu gründen. Die meisten Historiker gehen allerdings davon aus, dass die einzelnen Stämme dabei jeweils nur ihre eigenen Interessen verfolgten.

**Kurze Hoffnung auf einen eigenen Staat**

Im Ersten Weltkrieg schlug sich das Osmanische Reich auf die Seite der Mittelmächte Deutschland und Österreich-Ungarn. Die Kriegsgegner England, Frankreich und Russland versuchten das Osmanische Reich von innen anzugreifen, indem sie den nichttürkischen Volksgruppen die Unabhängigkeit versprachen. Nach der Niederlage der Mittelmächte und ihrer Verbündeten wurde im Friedensvertrag von Sèvres die Landkarte in Kleinasien und im Nahen Osten neu gestaltet. Das Osmanische Reich musste einen Großteil seiner Gebiete abgeben. Kurdistan wurde die Autonomie zugesichert, wenn auch in einem deutlich kleineren Gebiet. So wurde die erdölreiche Region um Mosul unter britisches Mandat gestellt. Die Kurden sollten ein Jahr Zeit bekommen, um dem Völkerbund den Nachweis ihrer Staatsfähigkeit zu erbringen. Doch so

weit kam es nicht, denn der Friedensvertrag wurde nie umgesetzt.

Schon kurz nach der Kapitulation des Osmanischen Reiches erstarkten die Widerstandsbewegungen im Land. General Mustafa Kemal bündelte die Kräfte und führte als Atatürk die türkische Nationalbewegung an. Im Osten drängte er die Armenier zurück, im Westen entschied er den Krieg mit Griechenland für sich. Der neugegründete türkische Staat wurde im Vertrag von Lausanne von den Alliierten akzeptiert. Die Kurden, immerhin die größte Minderheit im Land, wurden in dem Vertrag nicht erwähnt. Von einem eigenen Staat war keine Rede mehr, ihr Gebiet wurde zwischen der Türkei, dem Irak und dem Iran aufgeteilt.

E



Auch heute leben manche Kurden noch als Nomaden
Vergrößern

**Stammeswesen von großer Bedeutung**

Die größtenteils unzugängliche geografische Lage der kurdischen Siedlungsgebiete hatte große Auswirkungen auf die soziale und wirtschaftliche Lage der dort lebenden Menschen. Die Gebiete ließen und lassen sich nur schwer kontrollieren. Durch die Unwegsamkeit des Geländes blieben die Menschen dort lange von der Außenwelt abgeschnitten, wirtschaftlicher und kultureller Austausch gestaltete sich schwierig. Die großen Handelsrouten machten einen Bogen um die Gegend, in der auch heute noch Ackerbau und Viehzucht die größte wirtschaftliche Bedeutung haben.

Die Kurden waren jahrhundertelang im Stammeswesen organisiert. Insgesamt wurden knapp 500 verschiedene Stämme gezählt, die untereinander wenig gemein hatten. Je nach Interessenlage verbündete man sich, aber auch scharfe Rivalitäten, etwa wegen Weiderechten, kamen vor. Nicht selten steigerten sich solche Konflikte zu Blutfehden, in denen ein Stamm kollektiv Rache an einem anderen übte. Besonders die Nomadenstämme, die einen Großteil der Kurden ausmachten, waren nicht an einer zentralisierten Organisation interessiert und schotteten sich ab.

Durch arabische Feldzüge und Expeditionen verbreitete sich ab dem 7. Jahrhundert nach Christus der Islam im kurdischen Gebiet. Er wurde zur beherrschenden Religion, der Ende des 20. Jahrhunderts fast alle Kurden angehören. Etwa 80 Prozent von ihnen sind sunnitischen



Glaubens, doch es gibt auch Schiiten, Aleviten und Christen unter ihnen. Der Einfluss der religiösen Führer wuchs im Laufe der Zeit, ab dem 19. Jahrhundert hatten diese oft mehr Macht und Autorität als die Stammesführer.



Die meisten Kurden sind Moslems
Vergrößern

**Unter dem Einfluss des Osmanischen Reichs**

Im 16. Jahrhundert wuchs das Interesse der benachbarten Großreiche an den Kurdengebieten. Die Safawiden, die Persien beherrschten, und die Osmanen versuchten, dort die Herrschaft zu übernehmen. Besonders die schiitischen Safawiden gingen hart gegen die Kurden vor. Nicht zuletzt religiöse Motive spielten eine Rolle, dass die größtenteils sunnitischen Kurden sich an die ebenfalls sunnitischen Osmanen hielten und ihnen Waffenhilfe leisteten. Das wurde belohnt: Die Kurden durften 16 Fürstentümer gründen, die sie autonom verwalten konnten. Dafür mussten sie Tribut an die Osmanen zahlen und ihnen im Kriegsfall beistehen.

Drei Jahrhunderte lang blieb diese Konstellation weitgehend bestehen. Mit dem beginnenden Kollaps des Osmanischen Reiches im 19. Jahrhundert traten Reformen in Kraft, die den Einfluss der lokalen Machthaber schwächten. Aufgrund der Staatsschulden wuchs der Einfluss anderer Staaten, vor allem Russlands, Frankreichs und Englands, auf die osmanische Politik. So unterstanden etwa die christlichen Nachbarn der Kurden in Armenien einem besonderen Schutz der

# Planet Wissen

**Die Kurden**

**Die Kurden - Volk ohne Staat**

Rau und unwirtlich ist die östliche Bergregion Anatoliens. Viele Jahrhunderte lang lebten die Kurden dort als Nomaden in einer archaischen Stammesgesellschaft, unabhängig und meist unbeachtet von fremden Mächten. Doch Erdöl und Wasservorräte machten das Gebiet zum Zankapfel der umliegenden Großreiche. Die Kurden erfuhren die großen Umwälzungen des 20. Jahrhunderts am eigenen Leib - mit einem für sie schlechten Ausgang.

**Was macht einen Kurden zum Kurden?**

Die genaue Herkunft des kurdischen Volkes ist nicht geklärt. Im Mittelalter wurde der Begriff "Kurd" für Nomadenstämme benutzt, die weder Araber noch Türken waren. Sie hatten im westlichen Taurusgebirge sowie den östlichen Ausläufern der Zagrosberge ihre Heimat. Dieses Kurdengebiet ist sehr gebirgig und schwer zugänglich, allerdings existieren dort auch Erdölvorkommen sowie große Nachbarvölker interessant

A



Die Kurden: ein Volk in den Bergen

Vergrößern

Eine einheitliche kurdische Sprache gibt es nicht. Es gibt drei Hauptgruppen, die miteinander verwandt, aber dennoch sehr verschieden sind. Wer nur eine dieser Sprachen spricht, kann sich nicht mit Sprechern der anderen Sprachen verständigen. Auch geografisch lässt sich Kurdistan nicht genau definieren. Das Siedlungsgebiet wird nicht nur von Kurden, sondern auch von vielen anderen Ethnien bevölkert, während viele Kurden auch außerhalb der kurdischen Gebiete leben. Eine Karte Kurdistans, die von allen Völkern der Region akzeptiert würde, existiert nicht.

Selbst über die Bevölkerungsanzahl gibt es keine genauen Angaben. Ein Großteil der Kurden lebt heute in der Türkei, im Iran und im Irak, aber auch in Armenien, Aserbaidschan und Syrien gibt es kurdische Minderheiten. Offizielle Zahlen existieren nicht beziehungsweise stehen unter Manipulationsverdacht. Die Schätzungen variieren zwischen 20 und 40 Millionen. Trotz fehlender einheitlicher Sprache und genau umrissener Grenzen haben die Kurden im Laufe der Jahrhunderte eine eigene Identität entwickelt. Diese beruht einerseits auf den historischen Wurzeln im nomadischen Stammeswesen, andererseits auf der Unterdrückung und Fremdherrschaft, denen sie immer wieder ausgesetzt waren und noch sind.

B

## لەبڵاوكراوەكانی
## ئەكادیمیای هۆشیاریو پێگەیاندنی كادیران ساڵی
## (2010 - 2011)

| ژ | ناوی بڵاوكراوە | ناوی نوسەر | ساڵی دەرچوون |
|---|---|---|---|
| 325 | حول الفدرالية - النظامان السويسري والعراقي – دراسة مقارنة | كاوسين بابكر | 2010 |
| 326 | المركز القانوني الدولي للقوات المتعددة الجنسيات في العراق | عبدالصمد رحيم كريم زنگنه | 2010 |
| 327 | جلال طالباني - مواقف و آراء | صلاح برواري | 2010 |
| 328 | قراءة البعث للفاشية التأريخية | د. البرت عيسى | 2010 |
| 329 | 2010 ساڵی كۆنگرەی ڕووبەڕووبوونەوە | حاكم قادر حمەجان عزيز | 2010 |
| 330 | پرۆژەی مەكتەبی بیروهۆشیاری بۆداڕشتنی بەرنامەی (ی. ن. ك) | عوسمان حەمە ڕەشید گورون | 2010 |
| 331 | ئاغاو شێخ و دەوڵەت | و. كوردۆ عەلی | 2010 |



| | | | |
|---|---|---|---|
| 332 | مێژووی فەلسەفە | و. لە سویدییەوە: عوسمان حەمە ڕەشید گورون | 2010 |
| 333 | طالباني جورج واشنطن العراق | خليل عبدالله ترجمة: حسن شندي | 2010 |
| 334 | العدالة بين الفلسفة والقانون | اسماعيل نامق حسن | 2010 |
| 335 | حوارات ونقاشات فكرية وسياسية واجتماعية و إقتصادية | د. كاظم حبيب | 2010 |
| 336 | المجتمع المدني والدولة، وإشكالية العلاقة | زبير رسول احمد | 2010 |
| 337 | الطبيعة القانونية لعقد الزواج | زبير مصطفى حسين | 2010 |
| 338 | ئایین و دەسەڵات | هاشم كەریمی | 2010 |
| 339 | فیمینیزم | ڕەسول سوڵتانی | 2010 |
| 340 | سياسة التعريب في قضاء شنكال | بيان محمد سعيد | 2010 |
| 341 | الامن و مستقبل السياسة الدولية | فرهاد جلال مصطفى | 2010 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 342 | زنجیرەیـەك گفتوگـۆی مـەدەنی، عەلمانیــەت و ئــایین، عــەقڵ و شــەریعەت، كــوردو میــدیای عەرەبی | ئومێد قەرەداغی | 2010 |
| 343 | مسرحيات و تحليل | فريدريش دورينمات<br>ت: غسان نعسان | 2010 |
| 344 | رجعية القانون في الماضي على الجرائم ضد الإنسانية | زانا رفيق سعيد | 2010 |
| 345 | كوردەكــان و مــافی چــارەی خۆنووســین زنجـیرەی هۆشـیاری ، ژمارە (1) | ئیسماعیل بێشكچی<br>و. رەوا حاجی | 2010 |
| 346 | سیستمی سیاسی سویسرا<br>زنجیرەی هۆشیاری ، ژمارە (2) | خەلیل عەبدوڵڵا | 2010 |
| 347 | ئــاین و دەوڵــەت لەمیــسری سەردەمی محەمەد عەلی پاشادا<br>زنجیرەی هۆشیاری ، ژمارە (3) | فەرید ئەسەسەرد | 2010 |
| 348 | گۆڤاری كەلتور | | 2010 |



| | | | |
|---|---|---|---|
| 349 | رۆژنامــەی كــوردی گۆڤــاری هــەولێر ســاڵی (1970 ـ 1972) | ئامادەكردنی:<br>د. هیمدادی حوسێن | 2010 |
| 350 | ناوچە جێناكۆكـەكان، ئاینـدەو ئاســۆكانی چارەســەر، زنجـیرەی هۆشیاری ، ژمارە (4) | تەحسین نامیق | 2010 |
| 351 | بەعەرەبكردن و بەجولەكەكردن ، زنجیرەی هۆشیاری، ژمارە (5) | فەرید ئەسەسەرد | 2010 |
| 352 | ئایین و ئازادی بیروڕا<br>زنجیرەی هۆشیاری ، ژمارە (6) | ن: عەبــــدولڕەحمان مونیف<br>و: عوســمان حەســەن شاكر | 2010 |
| 353 | نەتەوە چییە...؟<br>زنجیرەی هۆشیاری، ژمارە (7) | ن. ئێرنست ڕینان<br>و. كامیــــل محمــــد قەرەداغی | 2010 |
| 354 | خانقين .. حكايات اعوام الرماد | يوسف يوسف | 2010 |
| 355 | بەعسیزم و سەركوتكردنی ژیان | رامیار مەحمود | 2010 |
| 356 | الدولة الايوبية في اليمن | د. فرست مرعي | 2010 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | | | |
| 357 | سپینۆزا | ن. هاشم صالح<br>و. ئارام ئەمین شوانی | 2010 |
| 358 | پەرلەمان مێژووی سەرهەڵدان و پێکهاتەو ئەرکەکانی | ئامادەکردنی<br>عادل عەلی | 2010 |
| 359 | الحصانة البرلمانية في قانون انتخاب برلمان كوردستان ـ العراق ومشروع دستور اقليم كردستان | د. شورش حسن عمر | 2010 |
| 360 | ئاین و مۆدێرنە<br>زنجیرەی هۆشیاری ژمارە 10 | مستەفا مەلەکیان<br>و. لەعەرەبییەوە:<br>یاسین عومەر | 2010 |
| 361 | المدارس السياسية الثلاث في العراق و امكانية التعايش السلمي فيما بينها<br>زنجیرەی هۆشیاری ژمارە 11 | فريد اسسرد | 2010 |
| 362 | گۆڤاری کەلتوور | | 2010 |
| 363 | نوێنەرانی کورد لەیەکەمین خولی پەرلەمانی عیراقی نوێدا | ئامادەکردنی:<br>سالح رەحمان | 2010 |



| | | | |
|---|---|---|---|
| 364 | الموسوعة الكرد الصغرى | كنياز ابراهيم ميرزويف<br>ت. عن الروسية:<br>احمد حيدر علي | 2010 |
| 365 | پێگەی میدیا لەهەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ئەمریکادا ،ژ. ز، (12) | ڕێبین حەسەن | 2011 |
| 366 | مميزات النظام الفدرالي في العراق (ذ. ز. 13) | د. شورش حسن عمر | 2011 |
| 367 | جیهانگیری ، فاکتەرو گرفتەکانی دیموکراسی، ژ، ز، (14) | مەلا بەختیار | 2011 |
| 368 | پەیدابونی عەلمانیەت لەتورکیای عوسمانیدا، ژ. ز. (15) | فەرید ئەسەسەرد | 2011 |
| 369 | ئیسلامو مۆدێرنە ، ئیسلام لەبەردەم ئەگەری عەلمانیەتدا (ژ. ز. هۆشیاری (16) | ن. محمد رەزا شالگونی<br>و. عوسمان حسن | 2011 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | | شاكر | |
| 370 | سیاسەتی روسیای قەیسەری بەرامبەر بەکورد (18050-1914) | هەستیار کەمال کوردی | 2011 |
| 371 | المحطات، اثرت في حياة الكورد وحركاتهم القومية | بقلم: عبدالرزاق محمود القيسي | 2011 |
| 372 | کورتە باسێکی فەلسەفەی سیاسی | ن. دەیڤد میلەر و. لەئینگلیزیەوە: کارزان کاوسێن | 2011 |
| 373 | هەواڵنامەی کوردستانی عیراق | ئامادەکردنی : نەوزاد عەلی ئەحمەد | 2011 |
| 374 | ئاغاو شێخو دەوڵەت بەرگی دووەم | ن. مارتین ڤان برونەسن و. لەئەڵمانیەوە: د. کوردۆ عەلی | 2011 |
| 375 | تاريخ الفكر الكردى | مامۆستا جعفر ترجمة: د. بندر علی | 2011 |
| 376 | ڕۆژنامەنووسی کوردی لە | هەڵەت خەسرەو | 2011 |



| | | | |
|---|---|---|---|
| | کوردستانی عیراقدا (1991-2005) | هەمەوەندی | |
| 377 | مافی چارەی خۆنووسین لەئەدەبیاتی (ی. ن. ک)دا (1975-1992) | نەوزاد عەلی ئەحمەد | 2011 |
| 378 | سیاسەتی گۆڕینی رووخساری نەتەوەیی ناوچەی کەرکوک - ژ. ز. هۆشاری (17) | د. نوری تاڵەبانی | 2011 |
| 379 | ئەنفال لەکوردستانی عیراق ژ. ز. هۆشیاری(18) | ن. مایکڵ لیزنبێرگ و. کارزان محەمەد | 2011 |
| 380 | ئۆپۆزسیۆن لەچەمکەوە بۆ ئەرک، ژ. ز. (19) | بەختیار جەبار شاوەیس | 2011 |
| 381 | بەشداریکردنی سیاسی ژ. ز. (20) | عابد خالد رەسول | 2011 |
| 382 | سیستمی فیدراڵ لەدەوڵەتی ئیماراتدا، ژ. ز. (21) | ن. عەبدوڵڵا عەنزی و. سەردار عبدالکریم | 2011 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 2011 | خەلیل عەبدوڵڵا | کــوردو پرســی دانپێــدانانی دەستووری | 383 |
| 2011 | عادل عەلی | تیرۆریـــــزم هەڕەشـــــەو مەترسیەکان | 384 |
| 2011 | ئامادەکردنی: عەلی جۆڵا | چرای ماڵە هەژارەکان | 385 |
| 2011 | | کەلتور – ژمارە (3) | 386 |
| | نوســینی: ئاســتین کلاین<br>و. لەفارسیەوە: کاوسێن بابەکر | ســیکۆلاریزم بــەزمانی سادە - عەلمانیەت | 387 |
| 2011 | نـــــەوزاد عـــــەلی ئەحمەد | کوردستان | 388 |
| 2011 | تالیف: حسن ارفع<br>ترجمـة: عبـدالرزاق محمود القیسي | دراسة تاریخیة وسیاسیة حـول " الشعب الكردي" | 389 |
| 2011 | ن. نوری تاڵەبانی<br>و. شاناز رەمزی | کورتەیـــــەك لەتاوانـــــەکانی رژێمی عیراق دژی گەلی کورد | 390 |



| | | | |
|---|---|---|---|
| 2011 | فەرید ئەسەسەرد | گەشـــەکردنی ســـەرمایەداری لەکوردستاندا | 391 |
| 2011 | و. مظفـــــــــــر عبدالوهاب | سیاســـەت لـــەنێوان بـــیرو جێبەجێکردندا | 392 |